# درەختە بەخشندەکە

# درەختە بەخشندەکە

نووسینی: شیل سیلڤرشتاین
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: نەرمین عوسمان
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: هێرش حەمەسەلیم
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٢
تیراژ: ٥٠٠ دانە
نرخ: ٢٥٠٠ دینار
چاپ: سلێمانی- چاپخانەی کارۆ

NARIN INSTITUTE
for research and publishing

لە بڵاوکراوەکانی ئینستتیوتی نارین
بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
ژمارە (٢٩)

شیل سیلڤرشتاین

# درەختە بەخشندەکە

لە ئینگلیزییەوە:

نەرمین عوسمان

2022


NARIN INSTITUTE
for research and publishing


# ئینستتیوتی نارین

ئینستتیوتێکی کوردستانی، توێژینەوەیی قازانج نەویستە. کاری سەرەکی، ئەنجامدانی توێژینەوە و بەدواداچوونی پرسە هەنووکەیی و نیشتمانییە گرنگەکانە. هەروەها چاپ و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان و سازکردنی کۆڕ و سمینار و کردنەوەی خولی زانستی لەو بوارانەی کۆمەڵگەی کوردستانی پێویستی پێیەتی.

ئینستتیوتی نارین ساڵی ٢٠١٣ لە شاری سلێمانی دامەزرێنراوە.

ڕۆژێک لە ڕۆژان، درەختێک هەبوو...







منداڵێکی بچووکی خۆشدەویست.




هەموو ڕۆژێک منداڵەکە دەچوو بۆ لای...





گەڵاکانی کۆدەکردەوە.









دەیکردن بە تاج و یاریی پاشای دارستانی دەکرد.








به قەدەکەیدا سەردەکەوت و دەچووە سەرەوەی.





به لقەکانییەوە جۆلانەی دەکرد.







سێوی دەخوارد.



یاریی چاوشارکێیان دەکرد.







**کاتێک ماندوو دەبوو، لەژێر سێبەرەکەیدا دەخەوت.**







کوڕەکە، درەختەکەی زۆر خۆشدەویست.

درەختەکەش دڵخۆشبوو...


ME
&
T.

بەڵام کات تێپەڕی


M.E.
+
T.





منداڵەکە گەورەبوو


M.E. + Y.L.
M.E. + T.



زۆربەی کات درەختەکە بە تەنها بوو




ME + Y.L.
ME + T.



دوای ماوەیەک، ڕۆژێکیان کوڕەکە چوو بۆ لای درەختەکە.

درەختەکە وتی:

- ئەی هاوڕێکەم وەرە! وەرە بەسەر قەدەکەمدا سەربکەوە، بە لقەکانم جۆلانە بکە، سێوەکانم بخۆ، لەژێر سێبەرەکەمدا یاریی بکە و دڵخۆشبە.

لاوەکە وتی:

- من لەوە گەورەترم بەسەر قەدەکەتدا سەربکەوم و یاریی بکەم، دەمەوێت هەندێک شت بکڕم و خۆشی ببینم. پێویستم بە هەندێک پارە هەیە، دەتوانیت هەندێک پارەم بدەیتێ؟

درەختەکە وتی:


- داوای لێبووردن دەکەم، پارەم نییە، تەنها گەڵا و سێوم هەیە، سێوەکانم ببە ئەی لاوەکە! لە شار بیفرۆشە، ئەوکات هەندێک پارەت دەبێت و پێی دڵخۆشبە.




لاوەکە بەسەر درەختەکەدا سەرکەوت و
سێوەکانی لێکردەوە و بردی و رۆیشت.
درەختەکە دڵخۆشبوو...







لاوەکــە دیــســان بــۆ مــاوەیــەکــی زۆر دوورکــەوتــەوە... درەختەکە خەمبار بوو.
دوای ماوەیەکی زۆر، لاوەکە گەڕایەوە. درەختەکە لە خۆشیاندا دەلەرییەوە... وتی:
- وەرە ئەی هاوڕێ! بەسەر قەدەکەمدا سەربکەوە و بە لقەکانمەوە جۆلانە بکە و دڵخۆشبە.
لاوەکە وتی:
- من زۆر سەرقاڵم، بوارم نییە بەسەر درەختدا سەربکەوم.
هەروەها وتی:






- پێویستم بە شوێنێکە تیایدا بحەوێمەوە. دەمەوێت ژن و منداڵم هەبێت، بۆیە پێویستم بە خانووە، دەتوانیت خانوویەکم بدەیتێ؟


درەختەکە وتی:

- من ماڵم نییە، دارستان ماڵی منە، بەڵام دەتوانیت لقەکانم ببڕیت و خانووی پێ دروستبکەیت، ئەوسا دڵخۆش دەبیت.

لاوەکە لقەکانی لێکردەوە و
هەڵیگرتن و دوورکەوتەوە.
خانوویەکی بۆ خۆی دروستکرد.
درەختەکە بەمە دڵخۆشبوو...



درەختەکە دڵخۆشبوو...


ME
+
T
ME
+
T


ئەم جارەش لاوەکە ماوەیەکی درێژ دوورکەوتەوە.

کاتێک گەڕایەوە، درەختەکە زۆر دڵخۆشبوو. تاڕادەیەک بە ئەستەم دەیتوانی قسەبکات... بە دەنگێکی نزم وتی:

- ببوورە ئەی هاوڕێ! وەرە یاریی بکە.


لاوەکە لە وەڵامدا وتی:

- من تەمەنم گەورە بووە، خەفەتبارم کە ناتوانم یاری بکەم، پێویستم بە بەلەمێکە لێرە دوورم بخاتەوە... دەتوانیت بەلەمێکم بدەیتێ؟




درەختەکە وتی:

- قەدەکەم ببڕەرەوە و بەلەمێکی
لێ دروستبکە، ئەوسا دەتوانیت بە
بەلەمەکە بڕۆیت و دڵخۆشبە.



ئیتر لاوەکە قەدی درەختەکەی بڕییەوە



بەلەمێکی دروستکرد و سەوڵی لێدا و دوورکەوتەوە.



درەختەکەش دڵخۆشبوو...
بەڵام لە راستیدا وانەبوو.



دوای ماوەیەکی دوورودرێژ،
پیاوەکە جارێکی دیکە گەڕایەوە.
درەختەکە وتی:
- بەداخەوە، من هیچم نەماوە بتدەمێ...



سێوەکانم نەماون.
پیاوەکە وتی:
- ددانەکانم زۆر بێهێزن، ناتوانم سێو بخۆم.
درەختەکە وتی:
- لقەکانم نەماون، ناتوانیت جۆلانەیان پێوە بکەیت.
پیاوەکە وتی:
- تەمەنم ڕێگەم نادات بە لقەکان جۆلانە بکەم.
درەختەکە وتی:
- قەدەکەم نەماوە تا بەسەریدا سەربکەویت.
پیاوەکە وەڵامی دایەوە:
- من زۆر ماندووم، قەدیشت بمایە هەر ناتوانم بەسەریدا سەربکەوم.
درەختەکە ئاهێکی هەڵکێشا و وتی:
- زۆر دڵتەنگم بۆت... خۆزگە دەمتوانی شتێکم بدایتایەتێ، بەڵام هیچم نەماوە. من ئێستا تەنها قەدێکی بڕاوەی کۆنم هەیە.

پیاوەکە وتی:
- ئێستا خواستم لە هیچ شتێک نییە... تەنها شوێنێکی هێمنم دەوێت بتوانم لێی دابنیشم و پشوو بدەم... من زۆر ماندووم.
پاشماوەی قەدەکە ئەوەندەی لەتوانایدا هەبوو خۆی راستکردەوە و وتی:
- باشە، قەدی کۆنی بڕاوە باشە بۆ دانیشتن و پشوودان...
هاوڕێکەم! وەرە دانیشە، پشوو بدە.

پیاوەکەش ئەمەی کرد.



درەختەکەش دڵخۆشبوو...

